# چینی کرێکار و پێویستیی ڕێکخراو بوون

دەقی قسەوباسی هاوڕێ بارزان حەسەن پور لە ئیوارە کۆڕی پێشوازی لە ئەوەڵی مانگی مەی لە شاری ویستروس لە وڵاتی سوید

ڕۆژی جیهانی چینی کرێکار نزیك بۆتەوە، هەروەك ئێمە لێرە لە دەوری یەك کۆبووینەوە بۆ ڕێزگرتن لەو ڕۆژەپیرۆزە، جموجۆڵێك لە هە مەموو دونیا لەو کۆڕوکۆمەڵی جۆراوجۆردا لە گۆڕێ دایە کە بەبێ لە بەر چاوگرتنی هیچ سنورێکی وڵات، ڕەنگی پێست، نەتەوە و مەزهەب، لە یەك سەفی واحددا ڕێز لەو ڕۆژە دەگیرێ. هەر ئەوە خۆی نیشانەی ناڕازی بونێکی بەرینی جیهانی و چینایەتیە بە چە وسانەوەی ئینسان بە دەستی ئینسان و بێعەداڵەتیەکانی نیزامی سەرمایەداری. ئێمەش لێرە بەشێکین لەو هێزە جیهانیە و ناڕەزایەتیە بە رینە، و پیرۆز بایی ئەم ڕۆژە بە هەموو کرێکارانی و بەتایبەتی چینی کرێکار لە ئێران دەڵێین!

کرێکارانی ئێران ئەمساڵ لە هەلومەرجێکدا بە پێشوازی ئەو ڕۆژە پیرۆزەوە دەچن کە ژێمی کۆماری ئیسلامی لە درێژەی سیاسەتی کوشت و بڕی خوێدا سەرقاڵی ئامادە کردنی کەش و هەوایەکی لە ڕوانگەی خۆیەوە لەبارە، بۆ سەرکوتی بزووتنە کۆمەڵایەتیەکان. ئێستا دەوڵەتی ئەحمەدی نەژاد بەپێداگرتن لە سەر بەرنامەی ناوکی و کەڵك وەرگرتن لە حزووری داگیرکەرانەی ئەمریکا لە ناوچەکە و دەست تێوەردانی دەرەوەی وڵات لە ڕێگای یارمەتیدانی هێزە ئیسلامییە کۆنەپەرستەکانەوە، کەشوهەوایەکی پڕ لە نیگەرانی، شەڕی ماڵوێرانکە ر و گەمارۆی ئابووری بۆ سەر خەڵکی هەژاری ئێرانی پێکهێناوە کە تێیدا دەستی خۆی بۆ ستەم و سەرکوتی زیاتر ئاواڵا رابگرێ.

بۆیە جێگای خۆیەتی ئەمساڵ و لە کۆڕ و کۆبونەوەکانی ڕۆژی جیهانی کرێکاردا ئەم پیلان و کردەوە جینایەتکارانە دووقۆڵییە وەڵامی نا، و نەمان بۆ هەردوك لایەنی ئەمریکا و کۆماری ئیسلامی وەربگرێتەوە. ساڵی رابردوش لە ئێران بەکردەوە دوونیا شاهیدی دوو ڕەوت و بەرەی جیاوازی دژی یەکتربوو کە هەرکام بۆ چەسپاندنی بەرژەوەندی تایبەت بە خۆیان کاریان کرد و مۆری خۆیان لە مێژوو و کۆمە لگای ئێراندا.

داخستنی بەشێکی کارگاکان، بێکاری لە ڕادەبەدەر، ترسی لە سەر کار دەرکران، چونە سەری قیمەتی کەلوپەل و پێداویستیەکانی ژیانی خەڵك و زیادبونی هەژاری و هەڵاواردن و بڵاوبوونەوەی ئیعتیاد، دیاریی دەستی کۆماری ئیسلامی و سەرمایەدارانبوو کە باری ژیانی کۆمەڵانی خەڵکی ڕۆژ لە ڕۆژ زیاتر سەخت و دژوارتر کردۆتەوە. پێشێلکاریی مافی ئینسانی، سەرکوتی ناڕەزایەتیە گشتی و بزووتنە وە کۆمەڵایەتیەکان و گرتن و زینداییکردنی ڕابەرانی ئەم بزووتنەوانە و هەڵواسینی پەتی ئیعدام بۆ خەڵکی ئێران، درێژە و تەواوکەری ئە م ڕەوتە دژی ئینسانییە بوون کە بەردەوام کارەسات و جینایەتی لێکەوتوەتەوە. بەڵام ئەوە نیشاندەری ڕاستەقینەی هەموو ڕووداوەکانی ناو ئێران نەبوون و هەر وەك چاوەڕوان دەکرا، جیهان شاهیدی ڕەوتێکی تری خەبات و بەربەرەکانێی گەرم و گوڕی ئاشکرا و جەماوەری کۆمەڵانی خەڵکی شۆڕشگێڕ و لە پێشەوەیان چینی کرێکار لە هەموو ئێران بوو. مانگرتنی بەربڵاوی کرێکاران و ڕاگرتنی چەرخی بە رهەمهێنان، پێکهاتنی یەك لە دوای یەکی ڕێکخراوە سنفی و چەپ و جەماوەریەکانی کرێکاران وخوێندکاران، بە بێ ئیزن و پرسی دەوڵە تی مەرکەزی، ئەو پەیامە شیاوە بوو کە لە سەراسەری ئێران بە ڕژیمی سەرمایەداری کۆماری ئیسلامی درایەوە.

لە کوردستانیش سەرەڕای بێ ئاسۆیی و سەر لێ شێواوی ئەحزابی ناسیۆناڵیستی کورد، بەهۆی دورکەوتنەوەی زیاتریان لە سیاسەتی شۆڕشگێڕانە و لە بەرژەوندی کۆمەڵانی خەڵك، بزووتنەوەی چەپ و کرێکاری هەروا هێز و توانا و ڕەنگ و بۆنێکی چینایەتی و باوەڕ بە خۆبوونی زیاتری داوەتە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان و ئێستا لە ئاستی سەراسەریشدا حیسابێکی زۆرتر لە سەر بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان و ئارمانە ئینسانیەکەی دەکرێ.

پێویستە بڵێین جەماوەری بوونەوەی تێکۆشان و چالاکیی ئاشکرا و عەلەنی لە هەموو ئێران و پشتگیری یەکتر و هاوکاری کردنی بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکانی وەك بزووتنەوەی کرێکاری، بزووتنەوەی ژنان و خوێندکاران دەسکەوتی ئەم دەورەیەن، کە نیگەرانیی زۆری بۆ ڕژیم پێکهێناوە و بێگومان پیلانی سەرکوت و لە باربردنی بۆ دادەڕێژی و ئێمەش ئەرکی پاراستن و پەرە پێدانیمان لە سەر شانە. دیارە پاراستن وپەرەپێدانی وەها دەسکەوتێك تەنیا بە بەشداریی هەمەلایەنە و ڕێکخراوی کۆمەڵانی چەوساوە دەکرێ، نەك بەخۆپاراستن وچاوەڕوانی. بە بڕوای من بە لەبەرچاوگرتنی ئەم خاڵانەی خوارەوە، کار و تێکۆشانی هاوبەشی هێزە چەپ و سۆسیالیستەکان ڕێگای بۆ مسۆگەر بونی ئەو مەبەسەتەی سەرەوە هەموار دەبێ.

1- لە ئێرانیش وەك هەمو کۆمەڵگای سەرمایەداری سەرکوت وچەوسانەوە لە ڕێگای پیلانی داڕێژراو دەسەڵات و کەرەسەی ڕێکخراو و سازماندراو بەڕێوە دەچێ، بۆیە چینی کرێکاریش بۆ بەرگری لەخۆی و خەبات لە پێناو داخوازیەکانی پێویستییان بە ڕێکخراوبون هەیە. خەبات بۆ بەدەستهێنان و سەپاندنی مافی ڕێکخراوەی جەماوەری و سەربەخۆی کرێکاری لە ئاستی سەراسەریدا هەروا سەرەکی ترین و بە پەلەترین ئەرکی بەردەم و سەرشانی رابەران و هەڵسوڕاوانی چەپ و بزووتنەوەی کرێکاریە و دەبێ تا بەدەست هێنانی لە تێکۆشانی بێماندووبون بۆی هەر بەردەوام بین.

2- دەستی باڵاپەیداکردنی سیاسەتی سۆسیالیستی لە ناو بزووتنەوەی کرێکاری دا خاڵێکی گرنگی ترە کە لەو ڕێگایەوە ئیمکانی وشیار بوونەوە و ئاگادارکردنی کۆمەڵانی بەرینی کرێکار بە بەرژەوندی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئێستا و دوارۆژی خۆیان مومکین و مسۆگەر دەبێ. بەمجۆرەش هێزی پێویست بۆ خەباتی لێبڕاوانەتر و دڵخوازانە لە دژی چەوسانەوەی نیزامی سەرمایەداری بەدی دێت.
بێگومان ئەم کارەگرنگە ماندووبونی زۆری پێویستە و ڕێبەرانی چەپ وسۆسیالیستی ناو بزووتنەوەی کرێکاری لەو بابەتەوە ئەزموونی زۆر و بەنرخێان هەیە، دەزانن کە بە ئامۆژگاریی ساکاری کرێکاران و بە بەرخوردی لە سەرەوە بۆچون و نەزەراتی جەماوەری کرێکار بە سەر ئەنجامێکی وا پێویست ناگات. بڕیاری دروست و بەجێی رابەران و هەڵسووڕاوانی چەپ و سۆسیالیستی ناو بزووتنەوەی کرێکاری لە هەلومەرجی هەستیار و حەساسی سیاسی و موبارزاتی ڕۆژانەی کرێکاراندا و تێکەڵاوی و بەشداری لە پاڵدەستی یەك و سەمیمانە لە خۆشی و ناخۆشیەکانی ژیان وخەباتی کرێکاراندا پێش مەرج و پێویستیی بە سەرەنجام گەیشتنی ئەم ئامانجەن و ئەم فکرو سونەتە لە بەرژەوەندی کرێکارانە و هی خۆیانە، کەوابو سەرگرتن و زاڵبونی لە نێواندا کارێکی گونجاو و لە جێگای خۆی دایە.

3- بە هەند وەرگرتنی داخوازییەکانی کرێکاران بۆ باشتربونی ژیانیان، جێگاوشوێنی تایبەتی خۆی لەوبابەتەوە هەیە. کرێکارانی ئێران لە چوارچێوەی نیزامێکی سەرمایەداریدا خەریکی ژیان و خەباتن کە حکومەتێکی دیکتاتۆری ئیسلامی دەسەڵاتی بەدەستە و ژیانی سیاسی و ئابووری چینی کرێکار لە هەردوك بابەتەوە لە ژێرگوشارێکی زۆردایە و مەجالی بیرکردنەوە و فێربونیشی پێ نەدراوە.

لە هەلومەرجێکی لەو چەشنەدا ویست و داخوازیەکانی چینی کرێکار زور بەربلاو و هەمەڕەنگن، لە زیادبونی حەقدەستێکی کەم و زیادکردنی کاتی پشودانەوە تا رووخانی کۆماری ئیسلامی و گەیشتن بە دەسەڵاتی سیاسی لەخۆدەگرێ. بە لەبەرچاوگرتنی ئەو تایبە تمەندیانە و هەڵوێستی دروست لەو بابەتەوە، لە لایەکەوە رێگای هاوکاری و بەشداریی زیاتر و راستەوخۆی کرێکاران لە خەبات و مویار زەی رۆژانەدا بەدی دێت و لە لایەکی تریشەوە رێگای دزە و نفوزی پیلانگێڕیی کۆماری ئیسلامی بۆ تەفرقە لە ریزی کرێکاراندا کەم دەبێتەوە و بەر بەگەرایش ومەیلی ناشۆڕشگێڕ و غەیرە کریکاری نێو بزووتنەوەی کرێکاری دەگرێ کە خۆی وەك نوێنەر و دەمڕاستی بە شێك لە کرێکاران بناسێنێ و پەرە بەو بۆچونە زیانبارە بدات.

پێویستەئاماژە بەوە بکرێ کە وەبیر هێنانەوە و جەختکردنەوە لە سەر ئەم خاڵانەی سەرەوە کارێکی تازە نییە، بەڵام بێگومان دەزانین کە هاتنە مەیدان و بەکردوە خۆنیشاندان و دەوربینینی بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکان و لە پێشەوەیان بزووتنەوەی کرێکاری لەم دوایانەدا هەل ومەرجێکی تازەی خوڵقاندوە کە زۆر هەستیارە و پێویستی بە تێکۆشانی زیاترە، هەستی بەرپرسی وهاوکاری و هاودەنگیی سیاسی رێکخراوەی زیاتری بەرەی چەپ و سۆسیالیستی ناو بزووتنەوی کرێکاری هەیە، لە پێناو پاراستن وپەرەپێدانیدا.

حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و کۆمەڵە وەك بەشێك لەو بەرەیەدا هەست بە بەرپرسیارێکی تەواو دەکات و سەمیمانە لەو بابەتەوە ئامادەی هەرچەشنە دیالۆگ و هاوکاریی و هاوئاهەنگییەکی پێویست و مەنتقیە.

لە کۆتاییدا ئیجازەم بدەن لە لایەن هەموانەوە ئازادبونی مەحمودی ساڵحی بە هەموو بنەماڵەکەیان و بەتایبەت هاوڕێ و هاوسەری شۆڕشگێڕ و خاوەن هەڵوێستی نەجیبەی ساڵح زادە پیرۆزبایی بڵێم. خۆڕاگریی و هەڵوێستی سیاسی و چینایەتی تا ئێستای کاك مە حمودی خۆشەویست توانی بە یارمەتی هاوڕێیانی حیزب و فەعالینی چەپ لە ناوەوە و دەرەوەی وڵات ببێتە پردێکی پێوەندی باش لە نێوان بزووتنەوەی کرێکاری ئێران و جیهاندا و پێوستە ئەو پەیوەندییە پتەوتر بکرێ. ئازادکردنی مەحمودی ساڵحی کارێکی گرنگ و بە کەڵك بوو بەڵام دەشزانین هەر ئێستا بە سەدان رابەر و هەڵسووڕاوی کۆمۆنیست و کرێکاری وەك مەنسوری ئوسانلوکانیش هەر لە سیاچاڵ و بەندیخانە ئاشکرا و نهێنیەکانی کۆماری ئیسلامی ئێراندا تەمەنی بەنرخیان لە کۆمەڵانی خەڵك و بنەماڵەکانیان زەوت کراوە.

بژی 1ی مەی رۆژی هاوپشتی جیهانی چینی کرێکار

***